بیروڕای ئازادو سانسۆری رۆژنامەکان

ئیسماعیل تەنیا - ئەڵمانیا

سانسۆر: سەرپەڕاندنی بیروڕا

ئازادی ڕادەربڕینو پیادەکردنی دیموکراسی لەژیانی ڕۆژانەدا، یەکێکە لەکۆڵگە هەرە بەهێزەکانی شارستانیو مۆدێرن، یەکێك لەو پەنجەرانەی کەخەڵك دەتوانن گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆیان تێدابکەن، ڕاگەیاندنە بەهەموو شێوەکانیەوە .

ڕۆژنامەگەری کوردیش هەرچەندە لەبەواری پیادەکردنی هزری ئازادادا، تەمەنێکی کورتی هەیەو دەتوانین سەردەمی پاش ڕاپەڕینی ئازاری 1991ی باشووری کوردستان، ، بەدەستپێکی ئەو قۆناغەی ناوزەدبکەین و بەسەرەتایەکی باشی دانێن بۆ بنیات نانو هەڵچنینی خەونەکانی ئایندەمان .

لەگەڵ ئەم سەرەتایە باشەشدا هێشتاکە سانسۆر گەلێکی زۆر لەسەر بیروڕای ئازادو بۆچوونە دژبەیەکەکان هەیە، کەجاری واهەیە لەهەندێ دەزگاو ڕاگەیاندنا، نوزەی لەبەر دەبڕنو جگە لەتوێکڵێکی بێ ناوەڕۆك، هیچ شتێکی تر بەچەمکی ئازادی ڕادەربڕین، ناهێڵنەوە ، هەڵبەتە ڕێژەی پیادەکردنی ئەم سانسۆرەش لەڕاگەیاندنو ڕۆژنامەیەك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێتو هەموو ڕۆژنامەکانی باشوری کوردستان ، لەیەك ڕێژەو ئاستدا نین.

لەسۆنگەی ئەم بابەتەوە سێ دیاردەی زەقی دنیایی ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆی کوردی بەسەر دەکەمەوە کەکەمو زۆر پەیوەندییان هەیە بەسەر سانسۆر کردنی هزری ئازادو لەچوارچێوەدانی ڕۆژنامەنووسان .

یەکەم: بلاوکردنەوەی بابەت: زۆر جاران کەنووسەر یان ڕۆژنامەنووسێك بابەتێکی هەنووکەیی و تایبەت بەڕووداوەکانی ڕۆژ دەنووسێت ، دەیەوێت گەرماوگەرم، بلاوی بکاتەوە یەکسەر ڕووبەڕووی هێڵی سووری سانسۆر دەبێتەوە، ئەو بابەتەی کەنووسەر کۆششی بۆ کردووەو چاوەڕوانی بلاوکردنەوەیەتی بە(ئەم بابەتە لەگەڵ ڕێبازی ڕۆژنامەکەمان ناگونجێت)، وەلاّم دەدرێتەوە.... لەم حاڵەتەشدا، ماوەیەکی پێدەچێتو خاوەن بابەتەکە بەوە ڕاناگات بۆ ڕۆژنامەیەکی تری بنێرێت ، چونکە نووسینەکە نووسینی ڕۆژەو ، ئەگەر لەلایەکی تریش بلاوی کردەوە ، ئەوا ئەو بەهاو نرخەی جارانی نامێنێت، چونکە کاتی بەسەر چووە، یان زۆرجاران بابەتێك بۆ ڕۆژنامەیەك دەنێری کەلەسەر ڕووداوە سیاسی و پێشهاتەکانی یەکێك لەوڵاتە دراوسێکانە نموونەی تورکیا، بێ دوو دڵی لێکردن لێپرسراوی ڕۆژنامەکە پێت دەڵێت،(..... ئێمە پەیوەندیو دۆستایەتیمان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیەو ئەو جۆرە نووسینانە بلاو ناکەینەوە .....) ئەوەش لەحاڵەتێکدایە کەبەشی هەرە زۆری ناوەڕۆکی بابەتەکە ، بە(بۆچوونو بەلگەو ژمارە)وە لەدەزگا پەیوەندیدارو ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتەدا، لەچەند ڕۆژنامەو کەناڵێك بلاوکراونەتەوە جگە لەوەش ، نووسینەکە واقیعییەو دوورە لەتانەو تەشەرو بەلگەی بێ بنەما.... ئەوانە لەکاتێکدا بەرپەرچت دەدەنەوە کەلەڕۆژنامەکانیان دا لاپەڕەیەکیان تەرخان کردووە بۆ بیروڕای ئازادو لەژێرەوەی دوا لاپەڕەشدا بەخەتێکی درشت نووسیوانە (ڕۆژنامە تەنها لەسەروتار بەرپرسیارەو نووسینەکانی تر گوزارشت لەبیرو بۆ چوونی خاوەنەکانیان دەکەنو ئێمە لێی بەرپرسیارنین.

مادام وایە بۆچی ڕێگە بەخەڵك نادەن بەئازادی بیروڕایەکانیان دەربڕن؟! سانسۆرکردنی هزر لەکوێو بانگەشەکردن بۆ دەربڕینی بیرو ڕای ئازاد لەکوێ؟!.

ئەمانە دوو چەمکی دژ بەیەکنو بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بەیەکەوە کۆیان بکەینەوەو ڕۆژنامەنووسانی پێ چەواشە بکەین .

ئەم سانسۆرو دیاردەیە زێتر لە ڕۆژنامەکانی یەکێتیو پارتی(کوردستانی نوێو خەبات)وە پیادە دەکرێتو کەم نووسەر هەیە لەم دووڕۆژنامەیەدا ، نووسینی سانسۆر ، پێچەوانەی ئەم دوو ڕۆژنامەیەش چەند ڕۆژنامەیەکی تریش هەن بانگەشە بۆ بلاوکردنەوەی هزری ئازاد دەکەنو تا ڕادەیەکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە نموونەی ڕۆژنامەکانی (میدیا) لەهەولێرو (ئاسۆ) لەسلێمانی.

کەدەڵێین ئەوانە بواربە هزری ئازاد دەدەن وەنەبێت ئەوانیش تەواو بێ کەمو کوڕی بن ، ئەوانیش جاروبار مەقەسو هێڵە سوورەکە بەکار دەهێنن .... لەگەڵ ئەوەشدا دوو پەنجەرەی باشن بۆ هەڵمژینی جۆرە هەوایەکی تر

دووەم: بڕینو دەست کاریکردن : ئەم دیاردەیەیش یەکێکە لەجۆرەکانی سانسۆر کردن کەهەندێك ڕۆژنامە بەئاشکرا پیادەی دەکەنو ، بلاویشیان کردۆتەوە کەئەوان(خاوەن ڕۆژنامەکان) ئەو حەقەیان هەیە نووسین کورت بکەنەوە، یان دەستکاری بکەن. نووسینێك کە کورت کراوە، یان چەند بڕگەیەکی لێ قرتێندرا، یان ناوونیشانەکەی گۆڕدرا، بەلای خاوەنەکەیەوە بلاونەکردنەوەی باشترە لە بلاوکردنەوەی. هەقمانە بپرسین؛ بەڕێزینە، ئەگەر بابەتێك دەستکاری کرا ئەوە چ ڕێزو بەهایەك بۆ خاوەن بابەت دادەنێت؟ لەو حاڵەتەدا ئەو متمانەیە لەدەست دەدەن، کەبە خوێنەرەکانتان داوە. خودی خۆم، چەند نووسینێکم بەم دەردە بردراوەو خۆزگەی بلاونەکردنەوەیم بۆ خواستووە.

سێیەم: هەڵەی چاپ یان دەستکاری ئەنقەست؛ ئەم دیاردەیەش بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووەو ڕۆژنامەی کوردی نییە لەم حاڵەتە بەدەر بێت، هەر چەندە ڕێژەی تەشەنەکردنیان لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی تر دەگۆڕێت. هەڵەکانیش هەمە ڕەنگن، هەندێکیان لەبەر بێدیقەتی هەڵەبڕەکان تێدەپەڕنو، خوێنەر دەتوانێت لە سیاقی ڕستەدا، ڕاستیان بکاتەوە...

هەندێکی تریان کاریگەرنو ناوەڕۆك دەشێوێنن. حاڵەتێکی تر، بە نەزەری لێپرسراوی ڕۆژنامەکان(گوایا خاوەن نووسینەکان خۆیان هەڵەیان کردووە!!) ئەوان بەنیازی ڕاست کردنەوە، وشەو دەستەواژە دەگۆڕن، کەتەواو ناوەڕۆکی بابەتەکە دەگۆڕێتو نووسەرەکە ئەم شێوە دەڕبرینە ناخوازێت.

لە دواجاردا، هەر قرتاندنو گۆڕینو دەستکاری کردنێك با بەشێوەیەکی کەمیش بێتو کاریگەرییەکی ئەوتۆش لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان، نەکات، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسانسۆر دادەنرێتو تەعەدایە کە لە نووسەرو ڕۆژنامەنووسان دەکرێت.. جا ئەگەر بانگەشە بۆ بواردان بە بلاوکردنەوەی هزری ئازاد دەکەین، دەمانەوێت جێگای متمانەی خەڵك بین، دەبێت عەقلیەتی کۆنترۆڵکردنی هزری بەرامبەر تۆڕ بدەین، ڕێگە بدەین هەموو جۆرە گوڵێك بپشکوێ (با بەلای ئێمەشەوە بۆنیان خۆش نەبێت) ئەو کاتە، خەڵکی سەربەستن لەوەی کامە گوڵ هەڵدەبژێرن.

لە نێوان ڕاگەیاندن و پاراستنی سومبولی نەتەوەیی

جوتیار دارفرۆش - لە ڕۆژنامەی پەیامی کوردی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا

لەهەموو وڵاتانی جیهاندا مەزارێکی پیرۆز هەیە وەك سومبولێکی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕێزێکی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتو هاووڵاتیانەوە لێ دەگیرێ ئنجا لە ژێر ناوی سەربازی ون یان قارەمانێکی نەتەوەی کەسەر بەخۆی بۆ وڵاتەکەی خۆی مسۆگەر کردوە. بۆیە دەبینین هەرشاندێك کەسەردانی وڵاتێك دەکات ئەوا ڕێورەسمێکی تایبەتی بۆ ساز دەکرێت بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو، کەدەزگایەکی تایبەتی بەو ڕێورەسمە بەرپرسەو چەپکە گوڵ ئامادە دەکات بۆ ئەو شانده کە سەردانی ئەو وڵاتە دەکات لەمەراسیمێکی شایستەدا گوڵی ڕێزو وەفاداری دادەنێتە سەر ئەو مەزارە جا سەرکردەبێ یان سەربازی نەناسراو بێت دیارە ئێمەی کوردیش خاوەن سەرۆکێکی نەتەوەی و خەبات گێڕێکی وەکو بارزانی نەمرین.

پێوستە سەردانی مەزاری ئەو پیاوە مەزنە مێژوییە وەکو ڕەمزێکی موقەدەس لەلایەن پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکرێ، دەزگایەکی تایبەتی هەبێ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆدیسپلین کردنی سەردانی میوانانی کوردستان ودانانی چەپکە گوڵی ڕێزلێنانو وەفاداری . ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە باس لەوە دەکەین کەهەڵسوکەوتمان وەك کۆمەڵگایەکی مەدەنی. پێوست دەکات قودسیەتی ئەو مەزارە پیرۆزە وەك وڵاتانی تر لەبەر چاوبگرین ، کەواتا ئەم جۆرە سەردانو گوڵی ڕێزلێنانە تەنیا بەپێی ئەتەکێتی ڕەسمی جیبەجێ بکرێ ڕێگا نەدرێت بە هەموو کەسێك تەنها بۆ مەرامێکو ڕاگەیاندنێکی تەسك ئەو مەزارە ئیستغلال بکات.

جارێکیتریش دەڵێم بەشایەدی دۆستو ناحەزان بارزانی مستەفای نەمر ڕەمزێکی نەتەویەتی کورد بوو دور لەهەموو بیرو بۆچوونێکی تەسکی حزبایەتی بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم قودسیەتی ئەو مەزارە بەشێوەیەکی شیاوو گونجاو بپارێزن .

سنوریك بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابندرێ بۆ ئەوەی بزانن پەخشیی ڕاگەیاندن بۆ کام کەس و لە چ ئانو سات پێوستە بەکار بهێندرێو پەخش بکرێ.

کتێب

کوردە فەیلییەکان

(1)

ناو : کوردە فەیلییەکان و حزبی بەعس
نووسەر : د.سەعەد بەشیر ئەسکەندەر
خوێندنەوەی : سەمەد ئەحمەد

بەدرێژای مێژوو، کورد وەکو نەتەوە لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و مرۆی و سیاسی وڕووناکبیری و..... هتد، بێبەش بووە، کوردستانیش وەکو خاك، لەلایەن دوژمنانی کوردەوە داگیرو دابەش و وێران و سوتماك کراوە.

لە ناو کوردیشدا فەیلییەکان لە هەمووان زیاتر تووشی چەوساندنەوەو بێ مافی بوونەتەوە.

بەلاّم ئەوەی لەم نێوەندەدا مایەی سەرنجو نیگەرانییەکی گەورەیە ئەوەیە کە ئەم چەوساندنەوەیە زیاتر وەکو سزایەك وابوەو ئەم سزایەش زۆر بە بێدەنگیو کڕیو کپی بەڕێوەچووە، بۆیە نەك هەر دەزگاو ڕێکخراوە مرۆی و ڕاگەیاندنەکانی جیهانی هیچی وایان لەبارەی چەوساندنەوەی فەیلییەکانەوە نەوتووە، بەڵکو کورد خۆیشی بەزۆرێك لەو مەینەتیانە ئاشنانیەو هەرگیز وەکو ئەوەی کەبەسەر فەیلییەکاندا هاتووە، قسەی لەبارەیانەوە نەکردووە.

ئاخرێکەی چەند وتارێکی ڕۆژنامەیی دەتوانێت هەموو ئەو تراژیدیاندی کەبەسەر کوردە فەیلییەکاندا هاتووە پێناسە بکات، یان بەحەقیقەتیان بگەیەنێت؟ ئاشکراکردنی کۆستی کوردە فەیلییەکان و بەدەنگەوە هاتن لە بێمافییەکانیان، پێویستی بەخەباتی سیاسیو جەماوەری و ڕاگەیاندنو ڕووناکبیری ژۆرهەیە.

یەکێك لەو هەوڵە ڕووناکبیریانەی کە هەوڵی داوە تراژیدیاو کۆستەکانی کوردە فەیلییەکان بخاتەڕوو، کتێبی(کوردە فەیلییەکان و حزبی بەعس-1963-2003)ە کە لە نووسینی(د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر)ە، نووسەر لە سەرەتای ئەم کتیبێدا هەوڵی داوە چەردەیەکی مێژووی لەسەر کوردەفەیلییەکان بخاتەڕوو، ئەوە بەیان دەکات کە ئەو گروپەی ئێستا پێی دەڵێن فەیلی) بەشێکی سەرەکی نەتەوەی کورد پێکدەهێنن. یەکێك لە چیانشینانی زاگرۆس کە هەزاران ساڵ لە پێش ئێستاوە لە کوردستاندا نیشتەجێن. ئەم گروپە وەکو چەندین گروپی تر دوای ئەوەی لە چیاکانی زاگرۆس هاتنە خواریو لە دۆڵو دەشتەکانی لوڕستان نیشتەجێ بوون. لوڕستانیش پێکهاتووە لە دوو بەش یەکەم لوڕی گەورە کەناوچەکانی ئیسلامو قەسری شیرینو کرماشانو زۆر ناوچەی تری خوارووی کوردستانی لێکنەدراوو بە ئێرانی ئێستاوە دەگرێتەوەو دووەم لوڕی بچووك کەبریتیە لەناوچەکانی خانەقینو مەندەلیو زەهاوو زرباتییەو بەدرەو جەسسانو عەلی غەربیو خوسرەویو زۆر ناوچەی تری خواروی کوردستانی لکێنراوە بە عیراقی ئێستاوە.

لەسەر وتەی (فەیلی)نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو کە لوڕەکان خۆشیان نازانن چۆن ناوی(فەیلی)یان لێنراوە؟

ڕایەك هەیە دەڵێت: دوژمنانی کورد بەم ناولێنان ویستویاتە ئەم گروپە لەنەتەوەی کورد دابڕن. بەلاّم، لە سایەی ئەم سیاسەتەدا دوژمنانی کورد هەرگیز ئامانجەکەیان نەهاتوتە دی بەڵکو فەیلییەکان بەدرێژای مێژوو وئیستاشی لەگەڵدابێت، نەك هەر کلتورو زمانی نەتەوەی خۆیان پاراستووە، بەڵکو ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بزاڤی ڕووناکبیریو ڕزگاریخوازی گەلی کورددا بینیووە.

لەسەر مانای وشەی(فەیلی) نووسەر دەڵێت:ڕای جیاوازو پێچەوانە هەیە، هەیە دەڵێت (فەیلی) واتا(یاخی، یان جەستەیەکی زەبەلاح)، هەیە دەڵێت: لە ناوی ڕووبار، یان ناوچەیەکی جوگرافی، یان شارستانی کۆنەوە وەرگیراوە. وشەی فەیلی هەرچی شتێك بگەیەنێت، هەتائێستا هیچ بەڵگەیەکی دروستو یەکلا کەرەوە لەڕوی مێژوویو زمانەوانییەوە لە سەر مانای ئەم وشەیە نییە.

ناولێنانی فەیلی لە لوڕەکان مێژوویەك زۆر دێرینی نییە بەڵکو بۆ دوای سەدەی شانزە دەگەڕێتەوە.

تەنانەت گەورە مێژوونووسی کورد(شەرەفخانی بەدلیسی) لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا(شەرەفنامە) کە لە ساڵی 1596دا نووسیوویەتی، کاتێك باس لە میرەکانی خواروی کوردستان دەکات، هەر بە لوڕی گەورەو لوڕی بچووك ناویان دەبات.

بەلاّم لەدوای سەدەی شانزەو لە سەردەمی دەسەلاّتی (زەندییەکان 1750-1779 دا، وشەی(فەیلی) لە بڕی لوڕەکان لە نووسینو بەڵگەنامە مێژوویەکاندا بەر چاو دەکەون لەدوای ئەمانە نووسەر زۆر بەکورتی، بەلاّم بەچڕی ئەوە بەیان دەکات کە بەدرێژای مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست لوڕەکان لە ڕووی سیاسیو ڕوناکبیرییەو ڕۆڵێکی بەر چاویان هەبووە. لەسەدەی دوانزەدا دانیشتوانی لوڕی بچووك توانیویانە تۆتۆنۆمی بەدەست بهێنن. لەسەردەمی سەفەوییەکان هەتا سەردەمی قاجارییەکان لوڕستانییەکان(بە گەورەو بچووکەوە) سەربەخۆ بوونەو خۆیان کاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییان بەڕێوە بردووە.

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لوڕی بچووك ماوەیەك سەر بەویلایەتی شارەزور بوو کە پایتەختەکەی کەرکوکی ئێستابوو، دواجاریش خرایە سەر ویلایەتی بەغدا.